# خوای گەورە دەفەرموێت: ئەوانەی لە پێناو شکۆداری من یەکتریان خۆشدەوێت، چەند مینبەرێکیان هەیە لە نور وڕۆشنایی، وپێغەمبەران وشەهیدان هیوا (بە پلەوپایەی ئەوان) دەخوازن

لە موعازی کوڕی جەبەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: خوای گەورە دەفەرموێت: «ئەوانەی لە پێناو شکۆداری من یەکتریان خۆشدەوێت (لە پێناو خوا یەکتریان خۆشدەوێت)، چەند مینبەرێکیان هەیە لە نور وڕۆشنایی، وپێغەمبەران وشەهیدان هیوا (بە پلەوپایەی ئەوان) دەخوازن».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کۆمەڵێک لە باوەڕداران لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر مینبەر وشوێنی بەرز دادەنیشن ئەمیش وەکو ڕێزگرتنێک بۆ ئەوان لە لایەن خوای گەورە، چونکە ئەوان لە پێناوی خوای گەورە یەکتریان خۆش ویستووە -سبحانه وتعالى-؛ وەیەکتریان خۆش ویست بەهۆی ئەو ئیمانەی کە بەیەکەوە دەیان بەستێتەوە، وتەنانەت پێغەمبەران وشەهیدان هیوا بە شوێنی ئەوان دەخوازن؛ بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوان لە پێغەمبەران باشترن، چونکە فەزڵ وبەخشینی تایبەت لە سەرەوەی فەزڵ وبەخشینی گشتی نییە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3508